## ئەوساتانەی

# بۆ سێبەری خەیاڵت دەگەرام



چنار نامق

سەرەرێیەو جوانیەکان
بێرەدا دێن بۆم دەروانن
کۆترەکان
بەسەر دوالقی سنەوبەرێکەوە
نیشتونەوەو حەپەساون
کۆترەکانیش ئەودەمەی
سێبەری جوانی بەلایاندا تێپەر دەبیٚ و
ووشەی خۆشبەختی دەبیستن
وەك من دەگرین
دەگرین بۆئەو چۆلەکانەی
ئەوپەیڤەیان لا نامۆیە
خۆشبەختی
نەرمە پەنجەکانی
کەدەرگای داخراوی دڵم دەکوتێت
گەرمەدەستەکانی
کەدەستی رچیوم دەگوشێت
جوانە نیگاکانی
ئەودەمەی لەسیمای پایزیم دەروانێت
وەلیٚ زۆر جارانیش
خەندەکانم دەکات بەخۆراکی گومان ... و
لەخۆرا بەرسیلەی تەمەنی
ئەوینم دەوەرێت
ئێوارە ئەو چرکە ساتەی
چایی خۆشە لەنێو ئەم نەمامگەیەدا
نیگەرانی هۆشم دەبات
وەك زەمەنێکی شڵەژاو
گوڵێك نیە بیدەم لەیەخەی باخچەکەم
هاورێکەم لێم دەپرسێت :

www.kurdistannet.org

کام گولّ جوانه بۆنێوگوڵدانی ژورەکەم ؟

گوڵێك بەژنی چون خەم زراڤ

تەمەنی وەك عەشق درێژ

دەتۆش هاوریٚ

ناوی گوڵێکم پیٚ بڵیٚ هەڵنەوەرێت

ئالێرەشدا

من بۆنی گوڵم لێنایە ... و

لەنهێنی وەهمی ئەم باڵانە ناگەم

کوێوەم دەبەن ... و

بیرم دەچێت

کەسەرکەوتم دابەزینی بەدوادا دێت !

رۆژێك ویستم لەخەیاڵی

ئێوارەکاندا بتسرمەوە

سروشت بۆنی عەتری هەناسەی تۆی گرتو

شەقامەکان بەدوی سێبەری خەیاڵت گەرام

نەمەزانیلەچاوەروانی تۆیە

یان گۆدۆیە

شەورۆژ وساتەکانم

بەبێداری دەسپێرم

ئیدی تەمەن بەشی شتێکی تر ناکات

لەقوتبی سەهۆڵبەندانەوە هاتم و

رێم هەڵە کرد

لەنێوان خاك وئاسماندا رامام و

ئیستێکم کرد

کەخۆر نوێژی خۆشەویستی بۆدابەستم

من دەمزانی رۆژێك دادێت

بەتاسەی هەناسەی گەرمی

دەتوێمەوە ... و

دەڵێم جەخار لەو قەدەرەی وایلێکردم

لەپۆلی حەوا وئادەم بم

www.kurdistannet.org